# نابێت ئەسپیرین بدرێت بە تەمەندار

**لە دوا ژمارەی گۆڤاری پزیشکی** (BMJ) British Medical Journal **توێژیارانی زانکۆی Tasmania, Hobart ئۆسترالیای لە توێژینەوەیەکدا لە مەڕ بەکارهێنانی ژەمێکی کەم لە ئەسپیرین بە مەبەستی خۆپاراستن هۆشیاری ئەوە دەدەن کە ئەسپیرین دەبێتە هۆی خوێنبەربوون .**

**بە پێی توێژینەوەکە کە** 20000 **تەمەنداری تەمەن** 70-74 **ساڵی لەش ساخی لەخۆگرتبوو ، هیچ کامێکیشیان نەخۆشی دڵ و بۆریەکانی خۆیان نەبووە .**

**بە مەبەستی خۆپاراستن لە جەڵتەی دڵ بەشداربووان ڕێژەیەکی کەم ئەسپرینیان خواردووە کە پاشتر بوەتە هۆی خوێنبەربوون لە هەردوو:**

1- **نێوپۆشی گەدە و ریخۆڵە .**

2- **نێو مێشك .**

**لەبەرئەو دوو جۆرە خوێنبەربوونە توێژیاران وا پێشنیار دەکەن کە باشتر وایە ئەسپرین نەدرێت بە مرۆی تەمەندار ، ئەوان دەبێژن کەوا پێویستە توێژینەوەی کلینیکی زێدەتر بکرێت تا سوودەکانی ئەسپرین هەڵسەنگێندرێت .**

**هاوکات توێژیاران وای بە باش دەزانن کە پێویستە بە هیچ جۆرێك بە مەبەستی خۆپاراستن ئەسپرین نەدرێت بە مرۆی تەمەندار .**

**سەرچاوە**

1.www.dagensmedicin.se (05.05.23 14.13) ©